زانکۆی کۆمار

بۆ زانست و تەکنەلۆجیا



# پەیڕەونامەی کارمەندان

# ٢٠١٩ - ٢٠٢٠

www.komar.edu.iq

## پێڕست

**بەشی یەکەم: دەروازە ........ 1**

1. ڕێسا و ڕێنمایی تایبەت بە کارمەند ........ 1
1.1 بەشەکانی پەیڕەونامە ........ 1
1.2 مەبەست لەم ڕێسا و ڕێنماییانە ........ 1
1.3 ڕوونکردنەوەکان ........ 1
1.4 هەموارکردن ........ 1
1.5 دەستپێشخەری ........ 1
1.6 وەرزی پێداچوونەوە ........ 1
1.7 بڵاوکردنەوەی هەموارکراوەکان ........ 1
2. زانکۆی کۆمار بۆ زانست و تەکنەلۆجیا ........ 2
2.1 پێشەکی مێژوویی ........ 2
2.2 دیدی زانکۆ ........ 2
2.3 پەیامی زانکۆ ........ 2
2.4 ئامانجەکانی زانکۆ ........ 2
2.5 بەها و پێوەرە ئاکارییەکان ........ 2

**بەشی دووەم: ڕێساکان ........ 4**

1. ناونیشانی پۆست وکارنامە ........ 4
1.1 ئاستی یەکەم ........ 4
1.2 ئاستی دووەم ........ 4
1.3 ئاستی سێیەم ........ 4
1.4 ئاستی چوارەم ........ 5
1.5 ئاستی پێنجەم ........ 5
1.6 ئاستی شەشەم ........ 5
2. پۆلێنکردنی کارمەند بەپێی کاتی دەوام ........ 5
2.1 کارمەند بە دەوامی تەواو ........ 5
2.2 کارمەند بە نیوە دەوام ........ 5
2.3 کارمەند بە ئەرکێکی تایبەت ........ 6
3. گرێبەستی کارمەند ........ 6
3.1 کارمەند بە دەوامی تەواو ........ 6
3.2 کارمەند بە نیوە دەوام ........ 6
4. سەرچاوەی گرێبەستەکانی زانکۆی کۆمار بۆ زانست و تەکنەلۆجیا ........ 6
5. کۆتایهاتنی گرێبەست ........ 6
6. پڕکردنەوەی پۆستەکان بە دەوامی تەواو ........ 6
7. لیژنەی بەدواداچوون ........ 6
8. بەر لە دامەزراندی کارمەند ........ 7
9. دامەزراندن ........ 7
10. پەسەندکردنی دامەزراندن ........ 7
11. مافەکانی کارمەند ........ 7

11.1 سیاسەتی جیاوازینەکردن ........ 7
11.2 مووچە ........ 7
11.3 مۆڵەت ........ 7
11.3.1 مۆڵەتی ئاسایی ........ 8
11.3.2 مۆڵەتی نەخۆشی ........ 8
11.3.3 مۆڵەتی بێ مووچە ........ 8
11.3.4 مۆڵەتی کتوپڕ ........ 8
11.3.5 مۆڵەتی دایکایەتی ........ 8
11.4 پشووە فەرمییەکان ........ 8
11.5 تانەلێدان بۆ کارمەند ........ 9
11.6 ناسنامەی زانکۆ بۆ کارمەندانی دەوامی تەواو ........ 9
11.7 کاتەکانی کارکردن ........ 9
12. ئەرکەکانی کارمەند ........ 9
12.1 ئەرکەکانی کارمەند لە کاتی کارکردندا ........ 9
12.2 ئەرکەکانی کارمەند لە کاتی کۆبوونەوەی فەرمیدا ........ 10
12.3 چالاکییەکانی دەرەوەی کاتەکانی کارکردن ........ 10
13. پەرەپێدانی توانای کارمەند (کارمەند دوای دامەزراندن) ........ 10
13.1 ڕاهێنانی پیشەیی ........ 10
13.2 ئەو زانیارییانەی پێویستن بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدائی کارمەند ........ 10
13.3 کێش و سەنگی کارە ئەنجام دراوەکان ........ 10
14. جیاکردنەوەی ڕێسا و ڕێنماییەکان (کارمەند لە پاش بە جێهێشتنی پۆستەکەی لە زانکۆ) ........ 11
14.1 دەست لەکار کێشانەوە ........ 11
14.2 لادان لەسەر کار ........ 11
15. سکاڵا کردن ........ 11
16. کارە قەدەغەکراوەکان لەسەر کارمەندان ........ 11
17. سزاکان ........ 11
18. کۆتایی گرێبەست ........ 12
19. هەڵەی سزادان ........ 12
20. پاداشت ........ 12

**بەشی سێیەم: ڕێنماییەکان ........ 14**


بڕگەی A: کارتی ناسنامەی زانکۆ ........ 14
بڕگەی B: ڕێنماییەکانی کارمەند بە دەوامی تەواو ........ 14
بڕگەی C: لیژنەی بەدواداچوون (ڕێنمایی دامەزراندن) ........ 15
بڕگەی D: ڕێنمایی چاوپێکەوتن ........ 16
بڕگەی E: ڕێنمایی مۆڵەت وەرگرتن ........ 16
بڕگەی F: ڕێوشوێنەکانی سکاڵاکردن ........ 17
بڕگەی G: بەرنامەی ئاشنابوون بۆ کارمەندی نوێ ........ 18

## پەیڕەونامەی كارمەند

ئەم نامیلکەیە سەرچاوەی سەرەکی ڕێسا و ڕێنماییەکانی زانکۆیە بۆ کارمەندەکانی، ئەوەی پەیوەندی بە ماف و ئەرکەکانیانەوە هەیە، لە ڕێبەریکردن و هەڵسەنگاندنی ئەرك و رەفتار و گەشەپێدانی تواناکانیاندا.

ئەم پەیڕەونامەیە لەلایەن (سازان أحمد علی) ەوە پێداچوونەوەی بۆکراوە بە هاوکاری (شانیا خەبات) لە بەرواری ٢٠١٩/٥/٢٣. دیزاینی بەرگی ئەم پەیڕەونامەیە لەلایەن (دیار رافع) ەوە کراوە.

# پەیکەری کارگێڕی زانکۆ




KUST Organizational Structure 2019 - 2020

# بەشی یەکەم: دەروازە

## 1. ڕێسا و ڕێنمایی تایبەت بە کارمەند:

### 1.1. بەشەکانی پەیڕەونامە: ئەم پەیڕەونامەیە لە سێ بەشدا کۆدەبێتەوە.

- **بەشی یەکەم**: پێشەکی (بابەتە سەرەکییەکان)، کە باس لە سروشتی ئەم ڕێسا و ڕێنماییانە دەکات و زانیاری گشتی لەسەر زانکۆی کۆمار بۆ زانست و تەکنەلۆجیا (KUST) دەخاتە بەردەست (پەیام و دید و ئامانج و... هتد).
- **بەشی دووەم**: بەشی سەرەکی ئەم ڕێنماییەیە، دەربارەی ڕێسا و ئەو ڕێوشوێنانەن کە تایبەتن بە بەڕێوەبردنی کارمەندەکانی زانکۆ.
- **بەشی سێیەم**: بەشی ڕێنمایی و هاوپێچەکانە، ئەو وردەکارییانە دەخاتە بەردەست کە پەیوەستن بە ڕێساکانی بەشە سەرەکییەکەی ئەم پەیڕەونامەیە.

1.2 مەبەست لەم ڕێسا و ڕێنماییانە

ئەم ڕێنماییە هەموو ئەو ڕێسا سەرەکییانە دەگرێتەوە کە تا ئێستا لە لایەن ئەنجومەنی زانکۆوە پەسەند کراون، بە مەبەستی فەراهەمکردنی سەرچاوەیەکی بنەڕەتی بۆ ئەو ڕێسایانەی کە تایبەتن بە ڕێکخستنی کاروباری کارمەندەکانی زانکۆ. ڕێنماییە ئاماژە پێدراوەکان و گشت بەندە هەموارکراوەکانیشی، بەسەر هەموو کارمەندەکانی زانکۆ و هەموو ئەو کۆلێژ و بەشانەش کە سەر بە زانکۆن، جێبەجێدەکرێت.

1.3 ڕوونکردنەوەکان

ئەو ڕێسایانەی لەم پەیڕەونامەیەدا هاتوون هەریەك لە کارمەند و کارگێڕیش دەگرێتەوە. لە باری هەبوونی جیاوازی لە بۆچوون یان ناکۆکیدا، ئەوا لە ئەنجوومەنی زانکۆ، لە ڕێگەی ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی بەندەکان، ئەو کێشە و ناکۆکییانە یەکلادەکرێتەوە.

1.4 هەموارکردن

دەکرێ ئەو ڕێسا و ڕێنماییانەی لەم پەیڕەونامەیەدا هاتوون هەموار بکرێنەوە. پاشان، ڕێسا و ڕێنمایی تازە دەرچوو لە لایەن نووسینگەی سەرۆکی زانکۆ یان یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری کارگێڕی و داراییەوە، دەستبەجێ کارا دەبێت و دەکەوێتە بواری کارپێکردنەوە. بۆیە ڕێسای تازە دەرچوو یان ڕێسا هەموارکراوەکان لە کۆپییەکی تری دەرچووی ئەو ڕێنماییانەدا بڵاودەکرێنەوە. لە هەمان کاتیشدا بەسەر هەموو کارمەندەکاندا جێبەجێدەکرێت.

1.5 دەستپێشخەری

داواکاری بۆ هەموارکردنی پەیڕەونامەی تایبەت بە کارمەند، دەکرێت لەلایەن سەرۆکی زانکۆ یان (3/2)ی ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕییەوە بکرێت. پێویستە داواکاری بۆ هەموارکردن بە شێوازێکی گونجاو بێت و بە شێوەیەکی واش بێت کە لەگەڵ ئەو پەیڕەونامەیەدا بگونجێت. داواکاری پێشنیازکراو لەلایەن سەرۆکی زانکۆوە ئاراستەی ئەنجومەنی کارگێڕی دەکرێت.

1.6 وەرزی پێداچوونەوە

پێداچوونەوەی ئەم پەیڕەونامەیە لە مانگی (7 و 8) وەرزی هاوینی هەموو ساڵێکدا دەبێت.

1.7 بڵاوکردنەوەی هەموارکراوەکان

نوسینگەی سەرۆك، بەرپرسە لە بڵاوکردنەوەی هەموو هەموارکراوە پەسەندکراوەکان کەدەبێت لە ماوەی (30) ڕۆژدا گشتاندنی بۆ بکرێت.

## 2. زانکۆی کۆمار بۆ زانست و تەکنەلۆجیا:

### 2.1 پێشەکی مێژوویی

زانکۆی کۆمار بۆ زانست و تەکنەلۆجیا، زانکۆیەکی ئەهلی سەربەخۆیە، لەسەر مۆدێلێکی جیهانی دامەزراوە، سیستەمی کاتژمێر (Credit Hour) پەیڕەودەکات و زمانی فەرمی خوێندن تێیدا زمانی ئینگلیزییە. زانکۆ، کەسانی پسپۆر لە بوارەکانی پزیشکی، زانستە کردەییەکان، بزنس (Business)، ئەندازیاری و ئەندازیاری تەکنەلۆجیا، زانست و زمانی ئینگلیزی، لەسەر ئاستی بەکالۆریۆس پێ دەگەیەنێت. زانکۆی کۆمار بۆ زانست و تەکنەلۆجیا، بە پێی نووسراوی ژمارە (7/17867) لە بەرواری (2009/10/18) مۆڵەتی فەرمی دامەزراندنی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە. خاوەندارێتییەکەی بۆ کۆمەڵێك وەبەرهێنەری خاوەن ئەزموون و ناوداری شاری سلێمانی دەگەڕێتەوە.

### 2.2 دیدی زانکۆ

زانکۆی کۆمار بۆ زانست و تەکنەلۆجیا، هەوڵدەدات ببێت بە دامەزراوەیەکی خوێندنی باڵای پێشەنگ لە عێراق و جیهاندا، ئەمەش لە ڕێگەی پێگەیاندنی کەسانی پرۆفیشناڵ بە پێی ستانداردە جیهانییەکان لە بواری پزیشکی، زانستە کردەییەکان، بزنس، ئەندازیاری، ئەندازیاری تەکنەلۆجیایی و زمانەوانەیی.

### 2.3 پەیامی زانکۆ

پەیامی زانکۆی کۆمار بۆ زانست و تەکنەلۆجیا فەراهەمکردنی کەش و هەوایەکی فێربوون و فێرکردنە بە پێی ستاندەردی نێودەوڵەتی بەمەبەستی پەرەپێدانی لایەنی هزریی و کۆمەڵایەتی و کەسیی فێرخوازان، یارمەتیدان بۆ گەشەپێدانی توانای بیرکردنەوەی قووڵ و رەخنەگرانە و داهێنەرانە. ئامادەکردنیان بۆ پیشەی بەرهەمهێنەرانە لە بواری پزیشکی و زانستە کردەییەکان و بزنس و ئەندازیاری و ئەندازیاری تەکنەلۆجیادا.

### 2.4 ئامانجەکانی زانکۆ

بۆ هێنانەدی پەیامی خۆی، زانکۆی کۆمار بۆ زانست و تەکنەلۆجیا پابەندی ئەم ئامانجانەی خوارەوەی دەبێت:

1. فەراهەمکردنی ژینگەیەك بۆ دەستکەوتن و گەیاندنی زانیاری و توانا و زمانەوانی.
2. دروستکردنی کەش و هەوایەك کە هانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و پەیوەندییەکی دۆستانە لە نێوان فێرخوازان و فێرکاراندا بدات.
3. ئامادەکردنی فێرخواز بۆ کار و پیشە.
4. پتەوکردنی هاوکاری لە نێوان زانکۆ و کەرتی پیشەسازی بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی فێرخوازان لە بواری ئەکادیمیدا بۆ جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی ئەم کەرتە.
5. دەستەبەرکردنی ڕاوێژی پرۆفێشناڵانە بۆ حکومەت و کەرتی تایبەت.
6. پاڵپشتیکردنی پەرەسەندنی تەکنەلۆجی و بەکارهێنانی بۆ باشترکردنی ژیان لە ناوچەکەدا.
7. پەرەدان بە کەلتوری هەڵسوکەوتی پرۆفیشناڵ و ئاکارییانە.

### 2.5 بەها و پێوەرە ئاکارییەکان

ئەو پێوەرە ئاکارییەی کە هەڵسوکەوتەکان لە ناو (زانکۆی کۆمار بۆ زانست و تەکنەلۆجیا) و سیاسەتەکانی دیاریدەکات، بریتییە لە ئازادییەکی بەرپرسانە. ئازادی ئەزموونێکی بایەخدارە کە زانکۆ بۆ هەموو ئەندامەکانی (لە دەستەی فێرکار، فێرخواز، کارمەند و فەرمانبەرەکانی) فەراهەمی دەکات. ئازادیش، ئەو کاتە هەڵسوکەوتێکی بەرپرسانەی دەبێت کە لەسەر پێوەرە ئەخلاقییەکان بنیات نرابێت.

زانکۆی کۆمار بۆ زانست و تەکنەلۆجیا، هەست بە پێویستیی گەشەپێدانی گشتگیرانەی مرۆڤ دەکات و بە مەبەستی بەدیهێنانی ئەو گەشەپێدانەش، بەرنامە و پرۆگرامی فێربوونی هەمەلایەنەی وەك وانەوتنەوە تا توێژینەوە و چالاکی داهێنەرانە ئامادەدەکات. زانکۆ، هەل بۆ فێرخواز دەڕەخسێنێت بۆ فێربوونی چۆنێتی گوزارشت لەخۆکردن و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و تێگەیشتن و ڕێزگرتن لە خۆی و لە خەڵکی تر و هەروەها تێگەیشتن لە جیهان و کاری زانست و تەکنەلۆجیا و دەستکەوتە کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکان و پەرە بە بوارە پسپۆڕی و تایبەتمەندەکانی هەر پیشەیەك دەدات. ئەمانەش هەمووی لە ڕێگای تێگەیشتنێکی ڕوونترەوە دەبێت لەو دۆخە ئەخلاقییانەی کە لەگەڵ پەرەسەندنی مەعریفە و کارامەییەکان و جێبەجێکردنیان لە ژیانی کردەییدا، سەرهەڵدەدەن.

زانکۆ لە پاراستنی کەرامەتی هەموو تاکەکانی و ئازادی ئەکادیمییاندا بەشداری دەکات. ئازادیی ئەکادیمیی مانای ڕێگادانە بە خستنەڕووی بیرۆکە جۆراوجۆرەکان، بۆیە زانکۆ پابەندە بە پرەنسیپی گفتوگۆی شارستانییانە. هاندانی ئەم جۆرە ئازادییەش لە ڕێی چالاکییە ئەکادیمییەکان و بەشداریکردن لە چالاکییە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و وەرزشییەکانەوە دەبێت، بە جۆرێك کە فێرخوازان شێواز و کەناڵی جۆراوجۆریان لەبەردەمدا دەبێت بۆ پەرەپێدانی تەواوی کەسایەتییان.
هەروەها زانکۆ پابەند دەبێت بە سەروەریی یاسا و لە کارمەندەکانیشی ڕادەبینێت کە پابەندبن بە یاساکانی پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان و عیراق و ڕێسا و ڕێنماییەکانی زانکۆوە. زانکۆ بە توندی دژی بەکارهێنانی مادە کهولی و هۆشبەرەکان و هەراسانکردنی سێکسییە بە هەموو جۆرەکانییەوە. هەر کەسێکیش سەرپێچی بکات، ئەوا ڕێوشوێنی یاسایی و گونجاوی لە بەرامبەردا دەگیرێتەبەر.
زانکۆ خوازیارە کە چالاکییە بنەڕەتییەکانی لە فێربوون و فێرکردن و دەربڕینی هاندەرانە و خزمەتگوزاری گشتی لە ڕووی جۆرایەتییەوە نایاب بن، هەروەها سوورە لەسەر دروستیی کردەی فێربوون، و پەیماننامەی شەرەفی ئەکادیمیش (Academic Honor Code) ڕەنگدانەوەی ئەم پابەندبوونەیە. ڕاستگۆیی لە گوفتار و ڕەفتاریشدا بابەتێکی جەوهەرییە، ئیتر لە ژیانی ڕۆژانەدا بێت، یان لە بواری پیشەییدا. بۆیە پابەندبوون بەم بنەمایانەوە، بەشێکی دانەبڕاو لە پرۆسەی فێرکردندا پێکدێنێت.

زانکۆ پابەند دەبێت بە سیاسەتی جیاوازینەکردن لەسەر بنەمای ئایین و نەتەوە یان لایەنگیریی سیاسی. هەمان سیاسەتیش بەسەر فێرخواز و مامۆستا و کارمەندەکانی زانکۆدا جێبەجێدەکات. زانکۆ، هەلی یەکسان لە بواری دامەزراندن و بەرزکردنەوەی پلە و ڕاهێنان، بۆ هەمووان دەڕەخسێنێت.

زانکۆ هانی فێرخوازەکانی دەدات بۆ بەکارهێنانی ئازادییەکانیان لە نێو حەرەمی زانکۆدا، بە مەبەستی پەرەپێدان بەهۆشیارییان لە ئەستۆگرتنی بەرپرسی، کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی بەدیهێنانی ئامانجە ئەکادیمییەکان و بەها کەسی و کۆمەڵایەتییەکانی.

# بەشی دووەم: ڕێساكان

## 1. ناونیشانی پۆست وكارنامە

ئاستە کارگێڕییەکان:
پێکهاتەی کارگێڕی زانکۆ بەسەر چەند ئاستێکدا دابەشکراوە ماف و ئەرك و لێهاتوویی جیاوازیان هەیە وەك لەخوارەوە دیاریکراون:

1.1 ئاستی یەکەم:

ئەم ئاستە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە جێگری سەرۆك بۆ (کاروباری کارگێڕی و دارایی یان هەر کاروبارێکی تر) ئەو ئەرکەکانی دیاریدەکات، پۆستەکانی وەك بەڕێوەبەری گشت بەشەکانی ناو زانکۆ لەو پۆستانەن کە ئەم ئاستە دەیانگرێتەوە.

بڕوانامەو لێهاتوویی پێویست بۆ پاڵێوراوی ئەم ئاستە:
1. لانی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت، یان ماستەر بۆ ئەو پۆستانەی کە پێویستی بەم بڕوانامەیە هەیە.
2. بۆ هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس ئەزموونی شەش ساڵ و بۆ ماستەر دوو ساڵی هەبێت(دوای وەرگرتنی ماستەرەکەی) لەبوارەکەی خۆیدا.
3. شارەزایی پێویستی هەبێت لە کۆمپیوتەردا.
4. زمانی ئینگلیزی بزانێت.
5. خاوەن کەسایەتیەکی لێهاتوو بێت.

1.2 ئاستی دووەم :

ئەم ئاستە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە بەڕێوەبەری بەشە کارگێڕییەکەوەو ئەو ئەرکەکانی دیاریدەکات، هەڵدەستێت بە ئەرکەکانی بەڕێوەبەری بەش لە کاتی نەبوونیدا، پۆستەکانی وەك (بەڕێوەبەری جێبەجێکار و جێگری بەڕێوەبەر، ڕێکخەری پێشکەوتوو، ... هتد) لەو پۆستانەن کە ئەم ئاستە دەیانگرێتەوە.

بڕوانامەو لێهاتوویی پێویست بۆ پاڵێوراوی ئەم ئاستە:
1. لانی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت.
2. ئەزموونی لە 4 ساڵ کەمتر نەبێت لە بواری خۆیدا.
3. شارەزایی پێویستی هەبێت لە کۆمپیوتەردا.
4. زمانی ئینگلیزی بزانێت.
5. بۆ بەرزبوونەوەی بۆ ئاستی یەك دەبێت بەلایەنی کەمەوە دوو ساڵ ئەم کارەی ئەنجام دابێت هەروەها هەڵسەنگاندنی پەسەنکراوی هەبێت لەلایەن لیژنەی هەڵسەنگاندن وە پۆستی ئاستی یەك بەتاڵ بێت.

1.3 ئاستی سێیەم:

ئەم ئاستە پەیوەستە بە ئاستی یەکەم یان دووەم. ئەرکەکانی لەلایەن بەڕێوەبەری بەشەوە دیاریدەکرێت، پۆستەکانی وەك (ڕێکخەر، سەرپەرشتیار، یاریدەدەری بەڕێوەبەر، ژمێریاری پێشکەوتوو، ... هتد) لەو پۆستانەن کە ئەم ئاستە دەیانگرێتەوە.

بڕوانامەو لێهاتوویی پێویست بۆ پاڵێوراوی ئەم ئاستە:
1. لانی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت.
2. ئەزموونی لە 2 ساڵ کەمتر نەبێت بۆ بەکالۆریۆس و 4 ساڵ کەمتر نەبێت بۆ دبلۆم لە بواری خۆیدا.
3. شارەزایی پێویستی هەبێت لە کۆمپیوتەردا.
4. زمانی ئینگلیزی لەئاستی پێویستدا بێت.
5. بۆ بەرزبوونەوەی بۆ ئاستی دوو دەبێت بەلایەنی کەمەوە دوو ساڵ ئەم کارەی ئەنجام دابێت هەروەها هەڵسەنگاندنی پەسەندکراوی هەبێت لەلایەن لیژنەی هەڵسەنگاندن وە پۆستی ئاستی دوو بەتاڵ بێت.

1.4 ئاستی چوارەم :

ئەركەكانی ئەم ئاستە لەلایەن بەڕێوەبەری بەشەوە دیاریدەكرێت و ڕاپۆرت دەدات بەسەرپەرشتیارە ڕاستەوخۆكەی، پۆستەكانی وەك (ژمێریار، تەكنیكی سۆفتوێر، تەكنیكی هاردوێر، كارگێڕی، پسپۆری سەرچاوەمرۆییەكان، پسپۆری كاروباری فێرخواز، ... هتد) لەو پۆستانەن كە ئەم ئاستە دەیانگرێتەوە.

بڕوانامەو لێهاتوویی پێویست بۆ پاڵێوراوی ئەم ئاستە:

1. لانی كەم هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بێت.
2. ئەزموونی لە 1 ساڵ كەمتر نەبێت بۆ بەكالۆریۆس و 2 ساڵ كەمتر نەبێت بۆ دبلۆم لە بواری خۆیدا.
3. شارەزایی پێویستی هەبێت لە كۆمپیوتەردا.
4. زمانی ئینگلیزی لەئاستی پێویستدا بێت.
5. بۆ بەرزبوونەوەی بۆ ئاستی سێ دەبێت بەلایەنی كەمەوە دوو ساڵ ئەم كارەی ئەنجام دابێت هەروەها هەڵسەنگاندنی پەسەندكراوی هەبێت لەلایەن لیژنەی هەڵسەنگاندن وە پۆستی ئاستی سێ بەتاڵ بێت.

1.5 ئاستی پێنجەم:

ئەركەكانی ئەم ئاستە لەلایەن بەڕێوەبەری بەشەوە دیاریدەكرێت و ڕاپۆرت دەدات بەسەرپەرشتیارە ڕاستەوخۆكەی، پۆستەكانی وەك (یاریدەدەری ژمێریار، كاشێر، یاریدەدەری تەكنیكی سۆفتوێر، یاریدەدەری تەكنیكی هاردوێر، یاریدەدەری پسپۆری كارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەكان، یاریدەدەری پسپۆری كاروباری فێرخواز، ... هتد) لەو پۆستانەن كە ئەم ئاستە دەیانگرێتەوە.

بڕوانامەو لێهاتوویی پێویست بۆ پاڵیوراوی ئەم ئاستە:

1. لانی كەم هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بێت.
2. شارەزایی پێویستی هەبێت لە كۆمپیوتەردا.
3. زمانی ئینگلیزی لەئاستی پێویستدا بێت.
4. بۆ بەرزبوونەوەی بۆ ئاستی چوار دەبێت بەلایەنی كەمەوە دوو ساڵ ئەم كارەی ئەنجام دابێت هەروەها هەڵسەنگاندنی پەسەندكراوی هەبێت لەلایەن لیژنەی هەڵسەنگاندن وە پۆستی ئاستی چوار بەتاڵ بێت.

1.6 ئاستی شەشەم :

ئەم ئاستە خزمەتگوزارییەو ئەركەكانی لەلایەن بەڕێوەبەری بەشەوە دیاریدەكرێت و ڕاپۆرت دەدات بە سەرپەرشتە ڕاستەوخۆكەی، پۆستەكانی وەك (شۆفێر، پاسەوان، باخەوان، كارگوزار،...هتد) لەو پۆستانەن كە ئەم ئاستە دەیانگرێتەوە. لێهاتوویی و شارەزایی پاڵێوراوی ئەم ئاستە بە پێی جۆرو سروشتی كارەكەی دیاریدەكرێت.

تێبینی: بەرزبوونەوە لە ئاستێكەوە بۆ ئاستێكی تر پەیوەستەبە بوونی میلاك و لێهاتوویی وە مەرج نییە لەگەڵ تێپەڕبوونی ساڵدا جێبەجێ بكرێت.

## 2. پۆلێنكردنی كارمەند بەپێی كاتی دەوام

2.1 كارمەند بە دەوامی تەواو:

كارمەند بە دەوامی تەواو ئەو كەسەیە كە بتوانێ پێداویستی پۆستەكەی خۆی پڕ بكاتەوە لە ڕێی كێبڕكێوە و بە لایەنی كەمیشەوە لە هەفتەیەكدا 35 كاتژمێر كاربكات، بە پێی پاشكۆی **B** تایبەت بەم پەیڕەونامەیە، ئەوا ئەو كارمەندە سوود لە هەموو ئەو ئیمتیازاتانە وەردەگرێت كە بۆ پۆستەكەی دیاری كراوە. پۆستەكانیش لەم پەیڕەونامەیەدا دیاریكراون.

2.2 كارمەند بە نیوە دەوام:

كارمەند بە نیوە دەوام ئەو كەسەیە كە بتوانێ پێداویستی پۆستەكەی خۆی پڕ بكاتەوە لە هەفتەیەكیشدا كەمتر لە 35 كاتژمێر كاربكات، بە پێی پاشكۆی **B** تایبەت بەم پەیڕەونامەیە، ئەوا ئەو كارمەندە سوود لە هەموو ئەو ئیمتیازاتانە دەبینێت كە بۆ پۆستەكەی دیاری دەكرێت.

2.3 کارمەند بە ئەرکێکی تایبەت:

ئەو کەسانە دەگرێتەوە کەوا تەنیا بۆ ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو گرێبەستیان بۆ دەکرێت و بنەماکانی پابەندبوون لە گرێبەستیاندا دیاری دەکرێت.

## 3. گرێبەستی کارمەند

3.1 کارمەند بە دەوامی تەواو

گرێبەستی کارمەند (فۆرمی گرێبەست 310-SC-E1 لە بەشی HR) بە دەوامی تەواو بۆ یەك ساڵ دەبێت دوای تێپەڕکردنی ماوەی 3 مانگی ئەزمونی(Test). بە شێوەیەکی ساڵانەش هەڵسەنگاندن بۆ تواناکانی کارمەند و ئاستی کارەکانی دەکرێت.

3.2 کارمەند بە نیوە دەوام

ماوەی کارکردنی کارمەند بە نیوە دەوام (فۆرمی گرێبەست 310-SC-E1 لە بەشی HR)، هەفتانە کەمتر دەبێت لە 35 کاتژمێر. ماف و ئەرکی کارمەند بە پێی کاتژمێرەکانی دەوام ئەژمار دەکرێت.

## 4. سەرچاوەی گرێبەستەکانی زانکۆی کۆمار بۆ زانست و تەکنەلۆجیا

زانکۆ بۆ ئامادەکردنی گرێبەستی کار پشتی بەستووە بەم سەرچاوانەی خوارەوە:

1. یاسای کاری عێراقی
2. یاسای ڕێکخراوی کارکردنی نێودەوڵەتی
3. ڕێنماییە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

## 5. کۆتایهاتنی گرێبەست

گرێبەستەکان بۆ ماوەیەکی دیاریکراون و بەرواری کۆتایی هاتنی گرێبەستەکە مانای هەڵوەشاندنەوە و کۆتایی پەیوەندی نێوان زانکۆ و کارمەندەکە ناگەیەنێت، بەڵکو ئەگەر لایەنێك (زانکۆ یان کارمەند) ویستی گرێبەستەکە نوی نەکاتەوە لەدوای کۆتایهاتنی ئەوا پێویستە بەلایەنی کەمەوە یەك مانگ بۆ گشت ئاستەکان پێش بەرواری کۆتایهاتنی لایەنەکەی تر ئاگادار بکاتەوە.

## 6. پڕکردنەوەی پۆستەکان بە دەوامی تەواو

زانکۆ پابەندە بەڕەخساندنی هەلی یەکسان لەبەردەم هەموو کەسێکدا بە بێ جیاوازیکردن لەسەر بنەماکانی نەتەوە، جێندەر، ئایین، تەمەن و باری خێزانی. لەهەمان کاتدا زانکۆ پابەندە بە جێبەجێنانی یاساکانی بنبڕکردنی جیاکاری لە ناو زانکۆدا. لەبەر ئەوەی سیستمی خوێندنی زانکۆ لەسەر شێوازی سیستمی خوێندنی باڵای ئەمریکییە، بۆیە زانکۆ پێشەیی (ئەولەویەت) دەداتە ئەو کەسانەی کە شارەزاییان لە سیستمی خوێندنی باڵای زانکۆی کۆمار هەیە. دامەزراندنی کارمەندی دەوامی تەواو بەو شێوەیە دەبێت کە لە پاشگری C ئەم پەیڕەونامەیەدا باس کراوە.

## 7. لیژنەی بەدواداچوون

پێش دامەزراندنی هەر کارمەندێك لە هەر بەشێکی کارگێڕی، پێویستە سەرۆکی بەش ڕەزامەندی سەرۆکی زانکۆی وەرگرتبێت بە پێی (فۆرمی R1 – 310 لە بەشی HR )، دواتر هەڵبژاردنی وورد بکرێت بە پێی ئەم ڕێنماییانەی لای خوارەوە :

1. دەبێت پێویست بێت ئەو پۆستە پڕبکرێتەوە لەسەر پلانی ساڵانەی زانکۆ.
2. تەرخانی بودجەی مووچە و پێداویستیەکانی کرابێت.
3. ڕەزامەندی ئەنجومەنی کارگێڕی و جێگری سەرۆك بۆ کاروباری کارگێڕی و دارایی وەرگیرابێت.

## 8. بەر لە دامەزراندی کارمەند

دوای ڕەزامەندی وەرگرتن لەسەر دامەزراندنی کارمەندی نوێ، پێش واژۆ کردنی گرێبەست دەبێت کارمەند بەشداری لە بەرنامەی بە ئاشنابوونی زانکۆ بکات وەك لە ڕێنمایی پاشگری **F** تایبەت بەم پەیڕەونامەیە باس کراوە، ئەویش بۆ هاوکاری کردنی کارمەندی نوێ بۆ خۆگونجاندنی لەگەڵ ژینگە و کۆمەڵگەی زانکۆ، دواتریش واژۆ بکات لەسەر (فۆرمی1 310-OR لە بەشی HR).

## 9. دامەزراندن

دامەزراندنی هەموو کارمەندێك لە ڕێگەی پێشنیاری جێگری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری کارگێڕی و دارایی دەبێت وە پەسەنکردنی سەرۆکی زانکۆ، ئەویش لەسەر پێشنیاز و داوای ئەو بەشەی پێویستی بەکارمەندە کە دەبێت لەڕێی بەشی کارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەکانەوە داواکارییەکە بەرز بکرێتەوە. (فۆرمی 310-RE1K لە بەشی HR).

## 10. پەسەندکردنی دامەزراندن

ئەو گرێبەستانەی کە واژوو دەکرێن، مەرجەکانی دامەزراندنی تێدا ڕوون دەکرێتەوە (فۆرمی 310-SC-E1 لە بەشی HR). لە هەموو دامەزراندنێکدا پێویستە ڕەچاوی مەرجەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق و فەرمانگەکانی نیشینگە و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بکرێت.
سەرنج: لە کارمەندی تازە دامەزراو پێشبینی ناکرێت کە پلانی پەرەبەخۆدان ئامادەبکات بەڵام پێویست دەکات کەوا پلانی تایبەت بە باشترکردنی بەدیهێنانی ئامانجەکانیان ئامادە بکەن کە لە دوای تەواوبوونی ماوەی ئەزموونی راییکارییەکانیان هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێ بەر لەوەی جێگیر بن لەسەر کارەکانیان.

## 11. مافەکانی کارمەند

11.1 سیاسەتی جیاوازینەکردن

هیچ کارمەند و ئەندامێکی زانکۆی کۆمار بۆ زانست و تەکنەلۆجیا، نابێ جیاوازی بکات لەسەر بنەمای ئایین، نەتەوە، تەمەن، لایەنگیری سیاسی و ڕەگەز، کەمئەندامی.
هەروەها زانکۆ ژینگە دەڕەخسێنێت تا دەرفەتی یەکسان لە بەردەم تاکەکان پارێزراوبێت و گەشەیان پێبدات، بە ڕەچاوکردنی سیاسەتەکانی جیاکاری نەکردن لە نێوان کارمەنداندا. زانکۆی کۆمار بۆ زانست و تەکنەلۆجیا پابەندە بە پەیڕەو کردنی هەموو ئەو یاسایانەی کە کاروباری کارمەندو ئەندامانی زانکۆ ڕێك دەخەن.

11.2 مووچە

مووچە لەسەر بنەمای پۆست، پێشینە، ئاستی لێهاتوویی زانستی و ساڵەکانی شارەزایی بڕیاری لەسەر دەدرێت وە بە پێی باری دارایی هەرێم.

11.3 مۆڵەت

بە گشتی کارمەند هان دەدرێت کە سوود لە وەرگرتنی مۆڵەتی ئاسایی ببینێت (فۆرمی 310-L1K لە بەشی HR). کارمەند مافی خۆیەتی کە قەرەبوو بکرێتەوە بە پێدانی موچە تەنها دوو هەفتە (70 کاتژمێر) لە کۆی مۆڵەتی کەڵەکەبووی، گەر هاتوو دەستی لە کارکێشایەوە و مەرجەکانی دەست لەکارکێشانەوەی جێبەجێ کرد.

11.3.1 مۆڵەتی ئاسایی:

1. بەڕێوەبەری بەش مافی 24 ڕۆژ مۆڵەتی ئاسایی هەیە لە ساڵێکدا.
2. کارمەند مافی 20 ڕۆژ مۆڵەتی ئاسایی هەیە لە ساڵیکدا.

11.3.2 مۆڵەتی نەخۆشی:

کارمەند مافی وەرگرتنی مۆڵەتی نەخۆشی هەیە بۆ ماوەی 10 ڕۆژ لە ساڵێکدا. ئەگەر مۆڵەتەکە لە سێ ڕۆژ زیاتربوو بەسەر یەکەوە ئەوا پێویستە ڕاپۆرتی پزیشکی پێشکەش بە زانکۆ بکرێت.

11.3.3 مۆڵەتی بێ مووچە:

ئەم جۆرە مۆڵەتە تەنیا لە باری لەناکاو دەدرێت بە کارمەند دوای ئەوەی بەڕێوەبەری بەشەکەی پەسەندی دەکات، یان زانکۆ بە گونجاوی دەزانێت کاتێك کارمەند دەستبەرداری پیشەکەی بێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو وە لەهەمان کاتدا زانکۆ بۆی هەیە ئەو پۆستە پڕ بکاتەوە بەمەبەستی دوانەکەوتنی کاروباری زانکۆ وە کارمەند دوای تەواوبوونی مۆڵەتە بێ موچەکەی ئەگەر ویستی بگەڕێتەوە بۆ زانکۆ دەبێت دووبارە فۆرمی زانیاری تایبەت بە خۆی پێشکەشی زانکۆ بکاتەوە و لەکاتی بوونی پۆستی بەتاڵدا بەمەرجێك بگونجێت لەگەڵ پسپۆڕی کارمەندەکەدا، زانکۆ پەیوەندی پێوە دەکاتەوە.

11.3.4 مۆڵەتی کتوپڕ:

ئەم مۆڵەتە بەم شێوەیە دەدرێت:

1. پێنج ڕۆژ بۆ پرسەی خزمی پلە یەك (باوك، دایك، برا و خوشك، منداڵ و هاوسەر).
2. دوو ڕۆژ بۆ پرسەی خزمی پلە دوو (باپیر، نەنک، مام، خاڵ، پوور).
3. دوو ڕۆژ بۆ ڕووداوی لە ناکاوی وەك کارەساتی هاتووچۆ و دزی لێکردن کە دەبێت بە ڕاپۆرت بدرێت بە نوسینگەی کارگێڕی و سەرچاوەمرۆییەکان.
4. ڕێکخستنی مۆڵەت و ووردەکارییەکانی لە پاشگری **F** تایبەت بەم پەیڕەونامەیە ڕوونکراوەتەوە.

11.3.5 مۆڵەتی دایکایەتی:

کارمەندی دوو گیان دەتوانێت سوود لەم مۆڵەتە وەربگرێت لە کۆتا مانگی دووگیانێکەیەوە تا دوای لە دایك بوونی منداڵەکەی بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

1. بۆ ماوەی یەک مانگ مووچەی بە مۆڵەتی تەواو وەردەگرێت.
2. بۆ ماوەی دوو مانگ مۆڵەت بە مووچەی بنەڕەتی دەتوانێت وەربگرێت بە مەرجێ کار و باری ڕۆژانەی بەشەکەی نەوەستێت یان جێگرەوەیەکی هەبێت بۆ ئەو ماوەی مۆڵەتە.

11.4 پشووە فەرمییەکان

بە ڕەچاوکردنی ساڵنامەی خوێندن پشووە فەرمییەکانی زانکۆ بریتین لە :

- جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز.
- جەژنی قوربانی پیرۆز.
- یەکەم ڕۆژی مانگی موحەڕەم.
- جەژنی نەورۆز.
- سەری ساڵی نوێ.
- ڕۆژی (1) ی ئایار.
- هەر ڕۆژێك بارودۆخی پارێزگا ناهەموار بێت کە ئەمەش بە بڕیاری سەرۆکی زانکۆ دەبێت بە پشوو.

11.5 تانەلێدان بۆ کارمەند

دەرخواست بریتییە لە گلەیی کردنی فەرمی کارمەند دەرهەق بە نەگوجاندنی حوکمەکانی زانکۆ لە گەڵ هەلومەرجی گرێبەستی کارمەند (کارنامەو پلانکار)کە تایبەت بەم پەیڕەونامەیە کارمەند دەرخواستی خۆی دەردەبڕێت بە پێی (فۆرمی 310-AP1K لە بەشی HR ).

11.6 ناسنامەی زانکۆ بۆ کارمەندانی دەوامی تەواو

کارمەندی زانکۆ مافی پێدان و هەڵگرتنی پێناسەی زانکۆی هەیە، هەڵگرتنی پێناسەی زانکۆ مانای ئەوە دەبەخشێت کە تۆ ئەندامی زانکۆیت، ئەم پێناسەیە کارئاسانیت بۆ دەکات لە سوود وەرگرتن و رێگەپێدان بە خزمەتگوزارییەکانی زانکۆ. تکایە بڕوانە پاشگری **A** تایبەت بەم پەیڕەونامەیە.

11.7 کاتەکانی کارکردن

1. ڕۆژەکانی کارکردنی ئاسایی: یەك شەممە تا پێنج شەممەیە.
2. ڕۆژەکانی هەینی و شەممە پشووی فەرمی زانکۆیە.
3. کاتەکانی کارکردنی ئاسایی: 8:00 ی بەیانی تا 4:00 ی ئێوارەیە.
4. پشووی نانخواردن: 12:00 تا 1:00 ی نیوەڕۆ، یان بەو شێوەیەی لەگەڵ بەرپرسی ڕاستەوخۆ لەسەری پێکدێن.
5. کاتەکانی کارکردنی ئاسایی دەکرێت بگۆڕدرێت بەپێی یاسا و ڕێنماییەکانی زانکۆ.
6. کاتەکانی کارکردن لە 35 کاتژمێر زیاتر نەبێت و کەمتریش نەبێت بەپێی یاسای کاری عێراقی و یاساو ڕێنماییەکانی زانکۆ .

## 12. ئەرکەکانی کارمەند

12.1 ئەرکەکانی کارمەند لە کاتی کارکردندا

1. ئەنجامدانی کارەکانی بە ئامانەتەوە وە هەست کردن بە بەرپرسیارێتی.
2. ئامادەبوون و پەیڕەوکردنی کاتی فەرمی زانکۆ.
3. تەرخانکردنی گشت کاتەکانی بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی زانکۆی.
4. ڕێزگرتنی بەرپرسەکەی، هەڵسوکەوتی شیاو لەکاتی کارکردندا.
5. هەڵسوکەوتی شیاوانە لەگەڵ هاوتاکانی وە کارمەندەکانی خوار خۆی.
6. ڕێزگرتنی هاوڵاتیان و فێرخوازان وە ئاسانکردنی جێبەجێکردنی کارەکانیان لە ناو زانکۆدا.
7. پاراستنی شتومەکی زانکۆ.
8. پاراستنی زانیاری و دۆکیومێنتەکان بەپێی ئەرکەکانی لە ناو زانکۆ دەستی دەکەوێت.
9. پاراستنی کەرامەتی خودی وە کەسایەتیەکانی زانکۆی کۆمار لەکاتی دەوام و دەرەوەی دەوامدا.
10. بەکارنەهێنانی ئەو ئەرك و مافانەی بە شێوەیەکی نادروست بۆ خودی خۆی.
11. گەڕانەوەی ئەو شتومەکانەی لە ئەستۆیدایە لەکاتی تەواوبوونی بەکارهێنانی تایبەتمەندی خۆی.
12. پەیڕەوکردنی یاسا و سیستم و ڕێنمایە تایبەتمەندەکانی کە سەر بە زانکۆن لە ڕووی پاراستن و تەندروستی و سەلامەتی گشتی و هەر هۆکارێکی نائاسایی.
13. ئەو کارمەندانەی پۆستی بەرپرسیارێتیان هەیەپێویستە پابەندی کارنامەکانیان بن.

12.2 ئەرکەکانی کارمەند لە کاتی کۆبوونەوەی فەرمیدا

1. دەبێت کارمەند پابەند بێت بە کاتی دەستپێکردنی کۆبوونەوەکە.
2. ئاگاداری ئەجێندای کۆبوونەوەکە بێت.
3. بەکارهێنانی مۆبایل ڕێگەپێدراو نیە.
4. دەبێت کارمەند لەکاتی کۆبوونەوەدا تێبینی و بڕیارەکان بنوسێت.

12.3 چالاکییەکانی دەرەوەی کاتەکانی کارکردن

پێویستە کارمەند پابەندی کاتەکانی کارکردنی زانکۆ بێت، کاتی زیادەی کارکردن بە پەسەند نازانرێت. ئاشکرایە کە هەندێ جار پێویستی هەیە بۆ کاتی زیادەی کار لە دەرەوەی کاتە فەرمییەکانی کارکردندا. هەروەها پێویستە ئەو یەکەیە یان ئەو بەشە کارمەند لە جۆر و کاتی قەرەبوونەکەش ئاگادار بکاتەوە.

## 13. پەرەپێدانی تواناى کارمەند (کارمەند دواى دامەزراندن)

13.1 ڕاهێنانی  پیشەیی

زانکۆ ئەرکی مەشقکردن و پەرەپێدانی تواناسازی لە ڕووی پیشەوە بۆ کارمەندانی ڕەچاودەکات وە بەرپرسی یەکەم بۆ هەر فەرمانبەرێك دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکات بە داواکاری ئەنجامدانی ئەم کارە لەیەکەی کارگێڕی و سەرچاوەمرۆییەکان.

13.2 ئەو زانیاریيانەی پێویستن بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدائی کارمەند

هەڵسەنگاندنی ئەدائی کارمەند بە سێ هەنگاو ئەنجام دەدرێت:
هەنگاوی یەکەم نووسینەوەی ئەرکەکان: پێویستە بەرپرسی بەش یان یەکە، لیستێك بەو ئەرکانە دابنێت کە دەبێ کارمەندەکانی ئەنجامی بدەن.
هەنگاوی دووەم پێداچوونەوەی سێ مانگ: بەرپرسی ڕاستەوخۆی کارمەند پێداچوونەوە بۆ کارەکانی کارمەند دەکات سەبارەت بە ئاست و جۆری کارە ئەنجامدراوەکە. ئامانج لەمە بریتییە لە خستنەڕووی ڕاسپاردەو پێشنیازی بونیاتنەرانە بە جۆرێك کە ببێتە هۆی پێشخستنی توانای کارمەند. ئەم هەنگاوە بۆ هەموو کارمەندانە دوای سێ مانگی یەکەمی گرێبەستەکەی کە لە ماوەی تاقیکردنەوەدایە.

هەنگاوی سێیەم هەڵسەنگاندنی کۆتایی ساڵ: بەرپرسی ڕاستەوخۆ یان بەڕێوەبەری بەش یاخود یەکە، پێداچوونەوە دەکات بۆ کارەکانی کارمەند و ئاستی بە ئەنجام گەیاندنی بۆ هەر ئەرکێك کە پێی سپێردراوە. ئامانج لەو هەڵسەنگاندنە دیاریکردنی ئاستی ئەدائی ئەو کارمەندەیە (فۆرمی E1– 310 لە بەشی HR)، هەروەها پێشنیازکردنی پاداشت یان هەڵوەشاندنەوەی ئەو گرێبەستەی ئەو کارمەندەی تێدایە، هەروەها بۆ ڕاسپاردنی بونیاتنەرانە کە دەبێتە هۆی پێشخستنی تواناکانی ئەو کارمەندە. ئەم هەڵسەنگاندنەش پێویستە ساڵانە ئەنجام بدرێت.

13.3 کێش و سەنگی کارە ئەنجام دراوەکان

هەر کارمەندێك پێویستە لە کۆتایی ساڵدا ڕاپۆرتێك بەرزبکاتەوە بۆ لێپرسراوەکەی و تێیدا باس لە وردەکاری ئەو کارانە بکات کە ئەنجامی داون لە ماوەی ساڵێکی گرێبەستەکەیدا وە خاڵی لاواز و بەهێزی لەو کارانەی کە لە ماوەی پێشویدا ئەنجامی داوە یان هاتونەتە بەردەمی هەر لەسەر ئەو ڕاپۆرتە  بەشێك دەبێت لە هەڵسەنگاندنی ئەو کارمەندە.

## 14. جیاکردنەوەی ڕێسا و ڕێنماییەکان (کارمەند لە پاش بە جێهێشتنی پۆستەکەی لە زانکۆ)

14.1 دەست لەکار کێشانەوە

ئەگەر کارمەند بە دەوامی تەواو لەبەر هەر هۆکارێك ویستی دەست لەکار بکێشێتەوە (فۆرمی 310-RE1K لە بەشی HR)، ئەوا دەبێ بەلایەنی کەمەوە بەر لە 30 ڕۆژ پێش دەست لە کار هەڵگرتنی بە نووسراو سەرپەرشتیارەکەی ئاگادار بکاتەوە.

14.2 لادان لەسەر کار

لادان لەسەر کار بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی کارمەند لەگەڵ زانکۆ، پێش تەواوبوونی ماوەی ئاسایی گرێبەستەکە لەگەڵ زانکۆ. لادان لەسەر کاریش لە ئەنجامی ئەو ڕاسپاردانەوە دێت کە پەیوەست دەبن بە ئەدائی ئیش و کار (بە پێی پاشگری **J** تایبەت بەم پەیڕەونامەیە) یان دەستکردن بە دووبارە ڕێکخستنەوەی کارو پرۆگرام لە لایەن زانکۆوە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆك (یان یاریدەدەرەکەی). کارمەندی دەست لەکارکێشاوەو لابراو لە پۆست دەبێت ئەستۆ پاکی خۆیان بەرامبەر بە زانکۆ بکەن (فۆرمی 310-CL-1 لە بەشی HR).

## 15. سکاڵا کردن

ڕێوشوێنەکانی سکاڵاکردن

هەر کارمەندێك هەستی کرد بەوەی کە پێویستە سکاڵا بەرزبکاتەوە لەبەر هەر هۆکارێك بێت لە ناو زانکۆدا، دەبێت لە ڕێگەی لێپرسراوەکەیەوە بێت. ئەگەر پەیوەندی هەبێت بە بەرپرسەکەیەوە دەبێت ڕاستەوخۆ سەردانی نوسینگەی کارگێڕی و سەرچاوەمرۆییەکان بکات بۆ ئەم مەبەستە.

## 16. کارە قەدەغەکراوەکان لەسەر کارمەندان :

1. کارمەند بە دەوامی تەواو دەبێت ڕۆژانە (7) کاتژمێر (8:00 بۆ 4:00 ) جگە لەکاری زانکۆی کۆمار هیچ کارێکی تر نەکات.
2. بەشداریکردن لە کەمکردنەوە (مناقصة) یان زیادکردن (مزایدة) بۆ کارەکانی زانکۆ.
3. بەکار هێنانی شت و مەکی زانکۆ بۆ کاری تایبەت.
4. بەکارهێنانی ئامێرەکانی زانکۆ بێ ئەوەی سەرۆکی ڕاستەوخۆ پێی ڕاسپاردبێت.
5. بەکارهێنانی کاتی زانکۆ بۆ کاری تایبەتی خۆی بێ مۆڵەت وەرگرتن.
6. فەرامۆشکردنی داواکاری کارمەند و فێرخواز لە کاری ڕۆژانەداکە هۆکارێك بێت لەسەر ناوبانگی زانکۆ.
7. ئامادەبوون بۆ ناو زانکۆ بە شێوازێکی نەشیاو وەك (سەرخۆشی).
8. کەم کردنەوەی چالاکی بەمەبەستی زیان گەیاندن بە زانکۆ.
9. کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردنی کارەکانی لەبەر هەر هۆکارێکی تایبەتمەندی نێوان کارمەندەکان.
10. هەڵگرتن یان بردنی هەر دۆکیومێنتێکی تایبەت بە زانکۆ.
11. دەستدرێژی جەستەیی بۆ سەر هەر تاکێکی دی زانکۆ.
12. حکومی دادگا بدرێت بۆ ماوەی ساڵێك (گەر چی غیابیش بێت).
13. دابڕان لە زانکۆ بۆ ماوەی زیاتر لە (10) ڕۆژی بەردەوام بە بێ ڕەزامەندی.
14. غیابی (20) ڕۆژی هەبێت لە ساڵێکدا.

## 17. سزاکان:

لە ڕوانگەی کارگێڕی زانکۆوە کارکردن وەك تیمێکی خێرا و پرۆفیشناڵی مۆدێرنانە بەرەو ڕووی سزا کار ناکەین بەڵام لە کاتی جێبەجێنەکردنی ڕێسا و ڕێنماییەکانی زانکۆکە لەم پەیڕەونامەیەدا هاتووە یان کارکردن بەو کارانەی کە قەدەغە کراوە لەسەر کارمەند زانکۆ ناچار دەبێت ئەم سزایانەی ئاڕاستە بکات :

1. ئاگادار كردنەوە بە زارەكی دەبێت لە لایەن سەرۆكی ڕاستەوخۆ یان سەرووخۆی.
2. سەرنج ڕاكێشان بە نوسراو ئاڕاستەی كارمەند دەكرێت وە شێوازی كارە نەگونجاوەكە تێیدا ڕوون دەكرێتەوە.
3. ئاگاداركردنەوە ئەمیش بە نوسراوی فەرمی دەكرێت ئەگەر هەمان كاری خاڵی (2) ی دووبارەكردووە.
4. بڕینی موچە، كرێی ڕۆژانەی لێدەبڕێت كە لە ڕۆژێك كەمتر نەبێت وە لە دە ڕۆژ زیاتر نەبێت.
5. كەمكردنەوەی موچە بەبڕی 10% لە موچەی مانگانە كە لە شەش مانگ كەمتر نەبێت وە لە ساڵێكیش زیاتر نەبێت.
6. دابڕاندن (فصل) ئەم سزایە بە پێی لێكۆڵینەوە دەكرێت لە ژێر دەسەڵاتی سەرۆكی زانكۆ.
7. لە كاتی ئەنجامدانی هەر كارێكی نەشیاو بە پێی جۆری كارەكە سزاكە ئاراستەی كارمەند دەكرێت وە ئەگەر هەمان كار دووبارە بوویەوە ئەوە زانكۆ بۆی هەیە سزایەكی توندتر بسەپێنێت.
8. ئەگەر هەڵەیەكی كار بكرێت لەسەر ژیانی مرۆڤایەتی بكەوێت یان لەسەر ناوبانگی زانكۆ بكەوێت ئەوە سزاكەی لە خاڵی (4) كەمتر نابێت.
9. دەسەڵاتی سزاكان:
   a. دەسەڵاتی سەرۆكی زانكۆ بۆ گشت سزاكان هاتووە.
   b. دەسەڵاتی یاریدەدەری سەرۆكی زانكۆ تاكو خاڵی (4) دەبێت.
   c. دەسەڵاتی سەرۆك بەش تاكو خاڵی (3) دەبێت.
   d. سڕینەوەی سزا بە پێی ئەم خشتەییەی خوارەوە دەبێت.

| پلەی سزا | ژمارەی سوپاس و پێزانینی پێویست بۆ سڕینەوەی سزا |
|---|---|
| 2 | یەك سوپاس و پێزانینی سەرۆك بەش |
| 3 | دوو سوپاس و پێزانینی سەرۆك بەش |
| 4 | یەك سوپاس و پێزانینی یاریدەدەری سەرۆكی زانكۆ |
| 5 | یەك سوپاس و پێزانینی سەرۆكی زانكۆ |

## 18. كۆتایی گرێبەست:

لە كاتی كۆتا هێنان بە گرێبەستی كارمەند یاخود دابڕاندنی لەبەر هەر هۆكارێك بێت لە لایەن زانكۆ یان لە لایەن كارمەند خۆیەوە، كارمەند بەرپرسیارێتی هەر هەڵەیەك لە ئەستۆ دەگرێت كە لە كاتی مێژووی كاركردنی لە زانكۆدا كردبێتی.

## 19. هەڵەی سزادان:

ئەنجامدانی هەڵە لە سەرەوو بۆ خوارەوو بەهەمان ئاست سزا دەدرێن.

تێبینی /

هەر كارمەندێك فەرمانی بۆ دەرچوو لەسەرەوو خۆیەوە و ئەو فەرمانە لایەنی هەڵەی تێدا بوو لە ڕوانگەی سیاسەتی زانكۆوە، كارمەند بۆی هەیە بە نوسراو ڕوونی بكاتەوە بۆ سەرەوو خۆی. لایەنی هەڵەكە ئەگەر سەرەوو خۆی جەختی كردەوە لە جێبەجێكردنی ئەوە بەرپرسەكە بەرپرسیار دەبێت لەبەردەم زانكۆ و یاسادا.

## 20. پاداشت

1. وەك هاتووە لەم پەیڕەونامەیەدا كاری فەرمی (8)ی بەیانی تا (4)ی ئێوارە دەبێت جگە لە ڕۆژانی پشوو، دوای ئەم كاتە كارمەند مافی ئەوەی هەیە بۆ هەر كاتژمێرێك قەرەبوو بكرێتەوە بەكات وە ئەمەش لەسەر داواكاری بەرپرسی ڕاستەوخۆ دەبێت.

2. لە کاتێکدا ئەگەر کارمەند لە بواری کارەکەی خۆیدا داهێنانێکی کرد کە سوودمەند بوو بۆ زانکۆ لە ڕووی داراییەوە ئەوا بەرپرسی یەکەم دەبێت بەرزی بکاتەوە و پێشنیار بکات بۆ یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری کارگێڕی و دارایی بۆ پاداشت کردن لە لایەن سەرۆکی زانکۆوە وە بڕی پاداشتەکە لە (50,000 ) دیناری عێراقی کەمتر نەبێت وە (250,000) دیناری عێراقی زیاتر نەبێت (ئەمە ئەو کارمەندانە ناگرێتەوە کە لەهەمان کاتدا پلەی مامۆستایان هەیە).
3. پاداشتی سوپاس و پێزانین وەك ئەم خشتەییەی لای خوارەوە  دەبێت لە ماوەی ساڵێکدا:

| سوپاس و پێزانین | مۆڵەت | بڕی پارە |
| --- | --- | --- |
| چوار سوپاس و پێزانینی سەرۆکی زانکۆ | سێ ڕۆژ | سێ ڕۆژ مووچە |
| پێنج سوپاس و پێزانینی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ | دوو ڕۆژ | دوو ڕۆژ مووچە |
| شەش سوپاس و پێزانینی سەرۆك بەش (زانستی و کارگێڕی) | یەك ڕۆژ | یەك ڕۆژ مووچە |

هەموو سوپاس و پێزانینێکی سەرۆکی زانکۆ مانگێك لە ئاستەکانی  کارمەند پێش دەخات بەمەرجێك لە سێ سوپاس و پێزانین زیاتر هەژمار نەکرێت لە ساڵێکدا. کارمەند بۆی هەیە لە نێوان خاڵی پاداشت و خاڵی مۆڵەتدا هەڵبژێرێت.

# بەشی سێیەم: ڕێنماییەکان

## بڕگەی A: کارتی ناسنامەی زانکۆ

1. پێناسەی زانکۆ کارئاسانیت بۆ دەکات لە سوود وەرگرتن و ڕێگەپێدان بە خزمەتگوزارییەکانی زانکۆ وەك:
   a. چوونە ناو بەشەکانی زانکۆ بە نموونە بەشی وەرزش و چالاکییە کۆمەڵایەتیەکان.
   b. هۆڵی نمایش کردن
   c. کتێبخانە
   d. پارکی ئۆتۆمبیل
2. کارمەند مافی وەرگرتنی ناسنامەی هەیە دوای واژۆکردنی گرێبەستی کار (گرێبەستی جێگیر: واتە تێپەڕاندنی ماوەی تێست).
3. کاتێك کارمەند ناسنامەکەی بزر دەکات، دەبێت لە ڕۆژنامەی فەرمییدا بانگەوازی بۆ بکات و خەرجی بانگەواز و دەرهێنانی پێناسەی نوێ بگرێتە ئەستۆ.
4. بۆ دەرهێنانی ناسنامە پێویستە کارمەند ئامادەبێت زانیارییەکانی بنێردرێت بۆ دەزگای پەیوەندیدار لە دەرەوەی زانکۆ. ناسنامەی کارمەند بە یەکێك لە موجوداتی زانکۆ دادەنرێت هەربۆیە وەرگرتن و ڕادەستکردنەوەی بە واژۆ دەبێت، کارمەند دەبێت پارێزگاری لە ناسنامەکەی بکات و هەردەم هەڵگری بێت، لە ناو بردن و لەناوچوون و دڕاندنی ناسنامە تەواوی بەرپرسیارێتی کارمەندە.
5. هەموو بەشداربووان و فێرخوازان کە بەردەوامن لە خوێندن لە زانکۆدا پێویستە هەڵگری ناسنامەی زانکۆی کۆمار بۆ زانست و تەکنەلۆجیا بن.

## بڕگەی B: ڕێنماییەکانی کارمەند بە دەوامی تەواو

1. مەرجە بنەڕەتییەکان: لە گرێبەستدا هەموو هەلومەرجەکانی کارمەند دەستەبەر دەکرێت، لە ڕۆژی دەست بەکاربوونی کارمەندەوە لە زانکۆ، هەروەها باس لە هەموو ئەو پێداویستانە دەکات کە کارمەند دەبێت پێشکەشی زانکۆی بکات بە پێی یاسای کاری عێراقی.
2. ڕادەستی و بەرپرسارێتی: کارنامەی کارمەند ئەرك و بەرپرسیارێتییەکانی کارمەند دەخاتە بەرچاو، هەرچەندە کارنامە بەپێی پێداویستی زانکۆ بەردەوام لە گۆڕاندا دەبێت ئەمەش دوای گفتوگۆ کردن لە سەر گۆڕانکارییەکان.
3. ڕێکەوتی دەست بەکاربوون: ڕۆژی دەستبەکاربوونی کارمەندە و لە گرێبەستەکەی زانکۆدا دیاریدەکرێت.
4. پێدانی مووچە: مووچەی مانگانە دەدرێت لە ڕۆژانی کۆتایی هەموو مانگێکدا بەدەر لەکاتی ناهەمواری دارایی زانکۆ، ئەگەر هاتوو ڕۆژی کۆتایی مانگ پشووی فەرمی بوو ئەوا ڕۆژێك پێش پشوو مووچە دەدرێت، پێش وەخت کارمەند لە ڕۆژی پێدانی مووچە ئاگادار دەکرێتەوە.
5. پشووە فەرمییەکانی زانکۆ بریتیە لە:
   - جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز
   - جەژنی قوربانی پیرۆز
   - یادی نەورۆز
   - سەری ساڵی نوێ
   - سەری ساڵی کۆچی (یەکی محرەم)
   - یەکی ئایار
   - هەر ڕۆژێك بارودۆخی پارێزگا ناهەموار بێت بە بڕیاری سەرۆکی زانکۆ دەکرێ بە پشوو.
   - ڕێکەوتی جەژنی ڕەمەزان و جەژنی قوربان و سەری ساڵی کۆچی لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر جیاوازە، لەو کاتەدا لەلایەن بەشی کارگێڕی و سەرچاوەمرۆییەکان کارمەندان ئاگاداردەکرێنەوە لە ڕۆژی دەست پێکردن و کۆتایهاتنی پشووەکە.

- ئەگەر پشووەکان بکەونە ڕۆژانی کۆتایی هەفتە ئەوا بە ڕۆژانی کار قەرەبوو ناکرێنەوە.
- ئەگەر ڕۆژێکی کار بکەوێتە نێوان دوو ڕۆژی پشووەوە، ئەوا بە پشووی فەرمی دانانرێت بەڵام ئەکرێت کارمەند ئەو ڕۆژە وەك مۆڵەت وەربگرێت دواتر بە ڕۆژێکی کار قەرەبووبکرێتەوە یاخود وەك مۆڵەتی ئاسایی بۆی ئەژماربکرێت.

6. مۆڵەتی ساڵانە: کارمەند مافی 20 ڕۆژ پشووی هەیە، ئەویش دوای ڕەزامەندی بەرپرسەکەی و بەفەرمی ناساندنی مۆڵەتەکەی، کارمەند قەرەبووی مۆڵەتی کەڵەکەبوو ناکرێتەوە تەنها لەهەندێك باری تایبەتیدا نەبێت (وەك دەست لە کارکێشانەوەبە پێی ڕێنماییەکان)،
7. دەست لەکارکێشانەوە: کارمەند دەبێت ماوەی مانگێك (30 ڕۆژ) بە زانکۆ بدات (لە ڕۆژی دەست لەکارکێشانەوەیەوە) پێش ئەوەی زانکۆ جێبهێڵێت. لە هەمان کاتدا زانکۆ دەبێت ماوەی 30 ڕۆژ بدات بە کارمەند بەر لە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەی.
8. ڕێسا و ڕێنمایی سزاکانی زانکۆ جێبەجێ دەکرێت لە کاتی پێشێلکاریدا.
9. سکاڵا: کارمەند بۆی هەیە سکاڵای خۆی بکات لە کاتی ئەو پێشێلکاریانەی پەیوەندی هەیە بە بەهاو ئازادی ئەرکەکانییەوە.
10. بنەما ئاکارییەکان: کارمەند دەبێت پابەند بێت بە بەها ئاکارییەکان و مافە ڕەوا کراوەکانەوە کە واژۆی کردوە لەسەریان.
13. پاراستنی نهێنییەکان: لە دەرەوەی زانکۆ کارمەند دەبێت ڕێز لە کەلتوری زانکۆ بگرێت کاتێك کە کارێکی لاوەکی دی بە ئەنجام دەگەیەنێت بەپێی پێوەرەکانی پێکدادانی بەرژەوەندی.
14. پێکدادانی بەرژەوەندی: کارمەند دەبێت نهێنیەکانی زانکۆ بپارێزێت لە کاتی پەیوەست بوونی بە ئەرکی لاوەکییەوە لە دەرەوەی زانکۆ.
15. جگەرە کێشان: زانکۆ پابەندە بە قەدەغەکردنی جگەرە کێشان، هەر بۆیە لە ناو حەرەمی زانکۆدا جگەرە کێشان قەدەغەیە جگە لەو شوێنانەی کە دیاریکراون بۆ ئەم مەبەستە.
16. سەلامەتی و تەندروستی: زانکۆ بە تەواوی پابەندە بە سەلامەتی و تەندروستی کارمەندەکانییەوە، ئەرکی کارمەندە لە ناو زانکۆ و دەرەوەی زانکۆ پارێزگاری بکات لە سەلامەتی و تەندروستی خۆی هەروەها پارێزگاری لە هاوکارەکەی بکات لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی زانکۆ.
17. بەکارهێنانی زانیارییەکان: کارمەند دەبێت پابەند بێت بە ڕێسا و ڕێنماییەکانی زانکۆوە سەبارەت بە بەکارهێنانی زانیارییەکان.
18. خاوەندارێتی: کارمەند لە ئەنجامی جێبەجێ کردنی گرێبەستدا، هەندێك داتا و زانیاری و ڕاپۆرت بەرهەم دێنێت کە مافی خاوەن دارێتیان دەگەڕێتەوە بۆ زانکۆ، ئەرکی سەرشانی کارمەندە کە تەواوی ئەو بەرهەمانە بگەڕێنێتەوە بۆ زانکۆ پێش تەواو بونی گرێبەستەکەی جگە لەوەی کە کارمەند دوای کۆتایی هاتنی گرێبەستەکەی دەبێت تەواوی ئەستۆ پاکی بکات سەبارەت بە ڕادەستکردنەوەی هەموو کەل و پەلی زانکۆ کە لە ئەستۆیدایە.
19. گۆڕانی هەلومەرجەکان: هەموو ئەو بڕیارانەی لە ئەنجامی گۆڕانی هەلومەرجی گرێبەستی کارمەنددا دێنە پێش گفتوگۆی لە بارەوە بکرێت لەگەڵ خودی کارمەندا بەوەی کە هاتووە لە پەیرەونامەی کارمەنددا.

## برگەی C: لیژنەی بەدواداچوون (ڕێنمایی دامەزراندن)

بە مەبەستی دامەزراندنی هەر کارمەندێك لە هەر بەشێك پێویستە بەڕێوەبەری بەشەکە فۆرمی (R1 – 310) تایبەت بە داواکاری دامەزراندی کارمەند پڕبکاتەوە.

1. دواتر سەرۆکی زانکۆ (یان جێگرەکەی) لیژنەیەك پێکدێنن بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن و چاوپێکەوتن و پشتگیری کردن کە لەسێ ئەندام پێك بێت. بەشی کارگێڕی و سەرچاوەمرۆییەکان و نوێنەری ئەو نوسینگەیەی کە کارمەندی پێویستە لەگەڵ نوێنەرێکی بێ لایەن.
2. پێویستە لە فۆرمەکەدا بەڕێوەبەر هەموو ئەو مەرج و داواکاریانە بە وردی دەستنیشان بکات کە بە پێویستی دەزانێت لە کارمەندەکەدا هەبێت.
3. پێویستە فۆرمەکە بە واژۆ کراوی بگەڕێندرێتەوە بۆ بەشی کارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەکان بۆ ئەنجام دانی کاری پێویست.
4. دەبێت بە پێی مەرجەکانی بەڕێوەبەری بەش (CV) و فۆرمی زانیارییەکان لەبەشی کارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەکان جیابکرێنەوە و بدرێنە دەست لیژنەی هەڵبژاردن بۆ دیاری کردنی گونجاو ترین کاندیدەکان.
5. پاش ئەوەی لیژنە گونجاوترین کاندیدەکان هەڵدەبژێرێت پێویستە بەشی کارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەکان ئاگاداربکاتەوە لە ڕۆژو کاتی چاوپێکەوتن بەمەبەستی پەیوەندیکردن پێیانەوە.

6. پێویستە بەشی كارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەكان كارئاسانی بكات لە دەستنیشانكردنی كات و جێگەی چاوپێكەوتن و پەیوەندیكردن بە كاندیدەكانەوە بۆ ئامادەبوونیان.
7. پێویستە هەموو پێداویستییەكانی چاوپێكەوتن وەك(Computer Test , General English Test) لەلایەن بەشی كارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەكان و بەشی IT وە ئامادە بكرێت وە هەندێك تێستی تر لەلایەن نوسینگەی ژمێریاری وە تایبەت بە (Database) بۆ كارمەندانی بەشی ژمێریاری.
8. لەدوای ئەنجام دانی چاوپێكەوتن دەبێت بەشی كارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەكان دۆسیەیەك بكاتەوە بۆ ئەو پاڵێوەراوە تا ئەو كاتەی بڕیاری كۆتایی دامەزراندنی یان دانەمەزراندنی دەدرێت.
9. پێویستە لەكاتی دانەمەزراندنی هەرپاڵێوراوێك (CV) یان فۆرمی زانیارییەكەی لە بەشی كارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەكان هەڵبگیرێت بۆ ڕۆژ و كاتی پێویست.

## بڕگەی D: ڕێنمایی چاوپێكەوتن

1. لەكاتی چاوپێكەوتن لەگەڵ هەر كاندیدێك پێویستە پێشتر كاندید ئاگادار كرابێتەوە لە ڕۆژ و كاتی دیاریكراوی چاوپێكەوتنەكە.
2. لەكاتی ئامادەنەبوونی كاندید لە وادەی دیاری كراوی خۆیدا پێویستە چاوپێكەوتنی كاندید دوابخرێت.
3. هەر دواكەوتنێكی كاندید لە كاتی تەرخانكراو بۆ چاوپێكەوتنی دەبێتە هۆی كەم كردنەوەی هەلی وەرگرتنی.
4. ڕۆژێك پێش ئامادەبوونی كاندید دەبێت بەشی كارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەكان لیژنەی چاوپێكەوتنی تایبەت بە هەڵسەنگاندنی ئەو كاندیدە ئاگادار بكاتەوە.
5. كاندید هەڵدەبژێرێت بە پێی تێستەكان و كۆی نمرەی چاو پێكەوتن وەك لای خوارەوە:
   a. تێستی گشتی (پرسیارە گشتییەكان)
   b. تێستی زمانی ئینگلیزی
   c. تێستی بەكارهێنانی كۆمپیوتەر
   d. تێستی پسپۆڕێكەی (بە پێی پێویستی بەشەكە)
6. پێویستە (CV) و فۆرمی زانیاری كاندیدەكان ئامادەبكرێن و وێنەی لێبدرێتە ئەندامانی لیژنە.
7. لەدوای تەواوبوونی چاوپێكەوتن پێویستە كاندید ئاگادار بكرێتەوە كە لەلایەن زانكۆ وە پەیوەندی پێوەدەكرێتەوە لەكاتی سەركەوتنی لە چاوپێكەوتنەكەدا.
8. لیژنەی چاو پێكەوتن بۆی هەیە داواكاری دیكەی هەبێت لە كاندید بۆ مەبەستی چڕكردنەوەی هەڵبژاردن گەر كێبڕكێكەی نێوان كاندیدەكان چڕبووەوە.

## بڕگەی E: ڕێنمایی مۆڵەت وەرگرتن

1. كارمەند بە گرێبەستی زیاتر لە ساڵێك، تەنها (70) كاتژمێر لە مۆڵەتی (ئاسایی) كەڵەكەبووی ساڵەكەی بۆ ئەژمار دەكرێت لە گرێبەستی ساڵی نوێدا. مۆڵەتی كەڵەكەبووی نەخۆشی ئەژمار ناكرێت بۆ ساڵی ئایندە.
2. بەڕێوبەرەكان مافی 24 ڕۆژ مۆڵەتی ئاساییان هەیە لە ساڵێكدا، وە ماوەی ئەو 24 ڕۆژەی مۆڵەتی ئاسایی ڕۆژانەیان بۆ ئەژمار دەكرێت بە 0.46ی كاتژمێرێك لە 7 كاتژمێردا، وە 10 ڕۆژ بۆ مۆڵەتی نە خۆشی كە بە 0.19 ی كاتژمێرێكی ڕۆژانە ئەژمار دەكرێت.
3. كارمەند مافی 20 ڕۆژ مۆڵەتی ئاسایی هەیە لە ساڵێكدا، وە ماوەی ئەو 20 ڕۆژەی مۆڵەتی ئاسایی ڕۆژانە بۆی ئەژمار دەكرێت بە 0.36 ی كاتژمێرێك لە 7 كاتژمێردا، وە 10 ڕۆژ بۆ مۆڵەتی نە خۆشی كە بە 0.19 ی كاتژمێرێكی ڕۆژانە ئەژمار دەكرێت.
4. بۆ كارمەند بە دەوامی ناتەواو بەپێی ڕێژەی دەوامی مۆڵەتی بۆ ئەژمار دەكرێت، بۆ نموونە ئەگەر 4 كاتژمێر دەوام بكات لە ڕۆژێكدا ئەوا ڕێژەی نیو مۆڵەت ئەژمار دەكرێت.
5. كارمەند لە كاتی مۆڵەتی بێ مووچە بۆ ماوەی زیاتر لە 7 ڕۆژ، ئەژماری مۆڵەتی ڕۆژانەی ڕادەگیرێت.
6. لە ئەژماكردنی مۆڵەتدا ساڵ 12 مانگە، مانگ 30 ڕۆژە و ڕۆژ 7 كاتژمێرە.
7. مۆڵەتی كەمتر لە نیو كاتژمێر (سی خولەك) نادرێت.
8. سیستەمی ئەژماری مۆڵەت تەنها كاردەكات لەسەر دوو خانەی سەدی (دوای سفر).
9. كارمەند لە ماوەی تێستدا (ڕاهێنان)، مۆڵەتی بۆ كەڵەكە نابێت بەڵام مافی وەرگرتنی مۆڵەتی نەخۆشی هەیە وە لە هەر جارێكدا پێویستە ڕاپۆرتی پزیشكی پێشكەش بە زانكۆ بكات.

10. کاتژمێری زیادەی کارکردن بۆ کارمەند ئەژمار دەکرێت لەسەر مۆڵەتی ئاسایی (دوای پشتگیری بەرپرسەکەی).
11. کارمەند ئامادە نەبێت لە زانکۆ بێ مۆڵەت سزاکەی داگرتنی مۆڵەتیەتی بە ڕێژەی یەك بەرامبەر بە سێ (بە مەرجێك لە 20% مۆڵەتی کەڵەکەبووی تێنەپەڕێت، ئەگەر نا سزای دی کە دەسەپێنرێت).

12. کارمەند هاندەدرێت کە مۆڵەتی ڕێگەپێدراوی خۆی وەربگرێت، چونکە قەرەبووی دارایی ناکرێتەوە بۆ کەڵەکەبوونی مۆڵەتی ئاسایی ساڵانە.
13. هەموو کارمەندێك پێویستە ڕۆژێك پێشتر (24 کاتژمێر) بەڕێوەبەرەکەی ئاگادار بکاتەوە لە پێویستی وەرگرتنی مۆڵەت بۆ ڕۆژی داهاتوو. پێویستە بەڕێوەبەری بەشەکان ڕەزامەندی مۆڵەت نەدەن بە کارمەندەکانیان تا لە بوونی ڕەصیدیان دڵنیا نەبن.
14. پێویستە بەرێوەبەری بەشەکان ئاگاداری ڕەصیدی مۆڵەتی کارمەندەکانیان بن (دەتوانن پەیوەندی بکەن بە بەشی کارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەکانەوە بۆ ئەم مەبەستە).
15. پێویستە هیچ بەڕێوەبەرێك ڕەزامەندی نەدات لەسەر پێدانی مۆڵەت بە کارمەندەکەی لەڕێگەی هێڵەکانی پەیوەندییەوە لەکاتی ئامادە نەبوونی خۆیدا. تە نها لە کاتی زۆر پێویستدا، بەڕێوەبەرەکان دەتوانن ڕەزامەندی بدەن بە و جۆرە مۆڵەتە (ئەگەر کارمەند ڕەصیدی مۆڵەتی هەبوو).
16. پێویستە خاوەن مۆڵەت فۆرمی تایبەت (L1 - 311) بە وەرگرتنی مۆڵەت پڕبکاتەوە و ناو و پۆست و بەش و جۆری مۆڵەت و ماوەی مۆڵەتی خایەنراو دیاری بکات.
17. پێویستە خاوەن مۆڵەت لەکاتی وەرگرتنی مۆڵەت دا جێگرێك دەستنیشان بکات لە شوێنەکەی بە مەبەستی بەردەوامی کارو باری زانکۆ لە ماوەی ئامادەنەبوونیدا (لە کاتێکدا کارمەند جێگری نەبوو دەتوانرێت لە فۆرمی مۆڵەتدا ئاماژەی پێبدرێت).
18. جێگری کارمەندی مۆڵەت دراو تەنها کارەکانی ڕۆتینی ڕۆژانەی ناوبراو دەگرێتە دەست، مەرج نیە دەسەڵاتە کارگێڕی و داراییەکان بگرێتە ئەستۆ.
19. پێویستە فۆرمی مۆڵەت واژۆی خاوەن مۆڵەت و بەرپرسی ڕاستەوخۆی کارمەند و جێگرەوەی خاوەن مۆڵەتی لەسەر بێت.
20. نابێت هیچ کارمەندێك داوای مۆڵەت بکات لە کاتی تەواو بوونی ڕەصیدی مۆڵەتی ئاسایی ساڵانەی خۆی.

## بڕگەی F: ڕێوشوێنەکانی سکاڵاکردن

1. هەنگاوەکانی سکاڵاکردن بۆ کارمەند:
   a. کارمەند دەبێت بە فۆرمی تایبەت سکاڵا پێشکەش بە بەرپرسەکەی بکات.
   b. دواتر کارمەند دەبێت چاوەڕێی ڕێنمایی بێت ئەوەی پەیوەندی هەیە بە کەیسەکەیەوە.
   c. بەرپرسی کارمەند دەبێت کار لەسەر فۆرمی سکاڵا بکات و هەنگاوی پێویست بنێت بۆ چارەسەری شیاو دوور لە پەرەپێدانی کێشەکە.
   d. گەر پێویستی کرد بەرپرسی کارمەند داوا بکات بە پێکهێنانی لیژنەی بە دوادا چوون بۆ چارەسەری کێشەکە (دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆکی زانکۆ).
   e. زانکۆ لیژنەی تایبەت دادەمەزرێنێت بۆ لێکۆڵینەوە (بە پێی ئاستی پۆست)
   f. لیژنەی ڕێکخراو دەبێت لە ماوەی 15 ڕۆژدا حوکمەکانی خۆی دەربکات، ئەوەی پەیوەندی هەیە بە کەیسەکەوە.
   g. دواتر حوکمەکانی لیژنەکە لە سەر کەیسکە لە جێی حوکمی زانکۆ دەبێت.
2. حوکمەکانی زانکۆ بۆ پێشێلکاری کارمەند بەو شێوانە دەبێت کە هاتووە لە سزاکاندا.

## بڕگەی G: بەرنامەی ئاشنابوون بۆ کارمەندی نوێ

1. ناردنی نامەی بەخێر هاتن بۆ کارمەند لە لایەن بەرپرسەکەیەوە، کە تیایدا کارنامەی کارمەند (ئەرکەکانی) ڕوون کرابێتەوە.
2. ڕێگەدان بە کارمەند تا پەیڕەونامەی کارمەند بخوێنێتەوە لەگەڵ دۆکۆمێنتەکانی سەبارەت بە بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان، پاراستنی نهێنی و بەها ئاکارییەکان.
3. هێنانی ئەم دۆکۆمێنتانەی لای خوارەوە لە لایەن کارمەندەوە بۆ بەشی کارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەکان:
   a. کۆپی ناسنامە، ڕەگەز نامە، کۆدی ئاسایش.
   b. وێنەی ئەسڵی بڕوانامەی کارمەند.
   c. دوو وێنەی فۆتۆگرافی کارمەند.
   d. نامەی پشتگیری خاوەن کاری پێشوو (ئەگەر هەبێت).
4. خوێندنەوەی گرێبەستی تایبەت بە کارمەند.
5. ناساندنی کارمەند بە کارمەندان و ئەندامانی زانکۆ.
6. نەخشە و جوگرافیای کەمپی زانکۆ بە کارمەند بناسێنرێت.
7. ژمارە تەلەفونە پێویستەکان بدرێت بە کارمەند.
8. فێرکردنی کارمەند لەسەر سیستەمی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر،ئینتەرنێت و ئیمێڵی تایبەت بە زانکۆ.
9. پیشاندانی کارمەند بە جێگاو ڕێگای کارکردنی لە ناو زانکۆدا.
10. ئاشناکردنی کارمەند بە هەنگاوەکانی سەلامەتی لە کاردا.
11. تەرخانکردنی جێگای وەستانی ئۆتۆمۆبیلی کارمەند (گەر هەبوو).
12. کارمەند دەبێت واژۆ بکات لەسەر فۆرمی (OR 1-310) ئاشنابوونی تەواوی هەبێت بە زانکۆ و کۆمەڵگەی زانکۆ.

**تێبینی / ئەم پەیڕەونامەیە ساڵانە پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت وە بە پێی پێویست گۆڕانکاری تێدا دەکرێت.**